ئاژانسی میدیایی تورکمان
لەگەڵ ئێوە بۆ ئێوە
٥٠٠ دینار ژمارە: ١١ تیراژ: ٢٠٠٠ ١٢ کانونی یەکەم ٢٠١٧



## کونسولی گشتی فەڵەستین لە هەولێر:
## هەنگاوەکەی ترەمپ تاکلایەنەیە

٦

# چارەنووسی گەڕەکە تورکمانیە مێژووییەکان چیە؟

٢،٨



### عەلی رەشید خۆشناو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر


گەڕەکەکان نەتەوەی جیاوازی وەک تورکمان و کریستیان و جولەکە و عەرەبی تیا نیشتەجێبووە بەڵام زۆرینەی دانیشتوانەکەی تورکمان بووە.





### ئازاد کورەچی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر

”چۆڵکردنی قەڵا لە سەردەمی بەعسەوە دەستیپێکردووە. بەبۆچوونی من ئەمە هۆکارێکی سیاسی لە پشتە، کاتێک پرسیار لێدەکەین دەڵێن ئەم شوێنانە شوێنەواری مێژوویین لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆ دەناسرێندرێن“.



## وەستایەکی گۆزە: لەهەولێر کەس نەماوە گۆزە دروست بکات

حاجی ئەدهەم عەبدوڵڵا حوسێن وەستای دروستکردنی گۆزە لە هەولێر باس لە نەمانی پیشەی دروستکردنی گۆزە دەکات و دەڵێت لە ئێستادا کەس نەماوە ئەم پیشەیە بکات و زۆربەی گۆزەکان یا لە دوزخورماتوو و بەغداد یانیش لە ئێران و چین هاوردە دەکرێت.

٧



## لە دوزخورماتوو تورکمانێک بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵبژێردرا

دوای ماوەیەکی درێژ پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی شارۆچکەی دوخورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەددین درا بە تورکمانێک.

ئەزەل رەمزی بەیاتلی، بۆ پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی شارۆچکەی دوزخورماتوودەستنیشانکرا.

٥

## بارودۆخی کتێبخانەکانی شاری هەولێر



لەم ژمارەیەی هەفتەنامەی تەبا بۆ زانینی کاریگەری قەیرانی دارایی و دۆخی ئێستای وڵات لەسەر کتێبخانەکان روومان لە چەند کتێبخانەیەک کرد.

لەبارەی بارودۆخی کتێبخانەکان موخلیس یونس مستەفا، خاوەنی نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و شەفیع محەمەد بەڕێوەبەری هەڤاڵ بووک ستۆر بۆ تەبا دەدوێن.

٤

## راوێژکاری حکومەتی هەرێم بۆ تەبا: هەرێم ئامادەیە بۆ دانووستان بەڵام بەغداد ئامادە نییە



دڵشاد شەهاب راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی دواین پێشهاتەکان و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ تەبا دوا.

ووتی ”تا ئێستا دانووستان لەگەڵ بەغداد دەستی پێنەکردووە چونکە بەغداد ئامادە نییە بۆ دانووستان“.

٣



### دوای ٦٥ ساڵ وەک یەکەم سەرۆککۆمارئەردۆغان سەردانی یۆنان دەکات.

٣



### یەکەمین سەردانی سەرۆکی فەرەنسا بۆ قەتەر لە دوای دەستبەکاربوونی.

٧



### سەرۆکی پێشووی یەمەن عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لە ٤ی کانوونی یەکەم لەلایەن حوسییەکانەوە کوژرا.

٦

# چارەنووسی گەڕەکە تورکمانیە مێژووییەکان چیە؟



دوای قەڵای هەولێر، تورکمان بە چڕی لە سێ گەڕەکی هەولێردا ژیاون. ئەوانیش گەڕەکەکانی تەعجیل و خانەقا و کۆڵانی عەرەبانن. چۆڵکردنی ئەو گەڕەکانە بووە هۆی بڵاوبوونەوە و نیشتەجێبوونی تورکمان بەناو گەڕەکە جیاوازو دوورەکانی شاری هەولێر، ئەوان هیچ زانیارییەکیان دەربارەی چارەنووسی گەڕەکە کۆنەکانیان نییە.

بۆ شیکردنەوەی زیاتری بابەتەکە، هەریەکە لە عەلی ڕەشید خۆشناو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و ئازاد کورەچی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بۆ تەبا دوان.

> **دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە زۆرینەی تورکمانن**

عەلی ڕەشید خۆشناو، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێرلە سەر پرۆژە هاوبەشەکەی پارێزگا و ڕێکخراوی یونسکۆ، ڕوونیکردەوە "گەڕەکەکان قوناغی دووەمی مێژووی هەولێرن. قۆناغی یەکەم قەڵای هەولێر بوو، قۆناغی دووەمیش گەڕەکەکانن. گەڕەکەکان نەتەوەی جیاوازی وەکو تورکمان، کریستیان، جولەکە و عەرەبی لە خۆگرتووە و تیایدا نیشتەجێبووە. چڕتریان تورکمانەکان بوونە ، هۆکارەکەشی ئەوەبووە کە ئەوان ویستوویانە لە شوێنی کارەکانیان نزیک بن. نموونەش بۆ ئەمە، سەوزە فرۆش و گۆشت فرۆش و خاوەن چێشتخانەکان تورکمان بوونە. بۆیە قۆناغی دووەم لە دەورووپشتی قەڵا دەستی پێکردووە. لە هەموو شوێنێکی دونیادا ئەو ناوچانەی کە ٥٠ساڵی بەسەر تێپەڕبێت بە ناوچەیەکی دێرین یاخود ئاسەوار هەژمار دەکرێت و حکومەتیش ڕێگا بە نۆژەنکردنەوەی نادات".

> **گەر لەلایەن خەلکەوە نۆژەنکرایەوە مێژووەکەی وون دەبێت**

عەلی ڕەشید خۆشناو لە بەردەوامی چاوپێکەوتنەکەدا دا ئاماژەی بەوەکرد کە "لە ئێستادا ئەم گەڕەکانە بە ئاسەوار هەژمار دەکرێن. ئەگەر نۆژەنکرایەوە ئەوا مێژووەکەی وون دەبێت. بەڵام لە کاتی نۆژەنکردنەوەی خانووەکان لەلایەن خەڵکی ناوچەکە کەرەستەی نوێ و سەردەمیانە بە کاردەهێنرێ چونکە خەڵک گرنگی بە نوێکاری و بەکارهێنانی کەرەستەی باش دەدات. بۆیە حکومەت پلانی ئەوەی هەبوو هەروەکو قەڵا ئەم گەڕەکانە بە هاوکاری یونسکۆ بپارێزێت و ببێتە شوێنی گەشتیاری. کاتێک سەردانی وڵاتان دەکەین، ئەوا دەبینین کە ئاسەواری لەم جۆرە لەسەر شێوەی خۆی نۆژەن دەکرێتەوە و وەکو کافتریا یا ڕێستۆرانت و قاوەخانەیەک بەکاردەهێنرێت. واتە دەبێتە شوێنەوارێکی گەشت وگوزاری لەسەر شێوە کۆن و ڕەسەنەکەی. بۆ ئەم مەبەستە حکومەت پکانی دانا بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەم ناوچانە هەروەک خۆی و تائێستاش بەشێکی زۆری تەواوکراوە. کرێچییەکانی ئەم گەڕەکانە لە ئێستادا خاوەنی کارتی زەوین ، خاوەن مولکەکانیش زەوییان لەسەر دابەشکراوە و بەشێکیشان ڕەزامەندییان لەسەر نرخەکەی هەبووە. وەک شارەوانی ئێمە ش یارمەتیماندان بۆ نەسووتانی مافەکانیان".

> **ئەگەر خاوەن موڵک بە بڕا پارەکە ڕازی نەبوو، دەتوانێت لە دادگا سکاڵا تۆمار بکات**

لە پرسیارێکی پەیامنێری تەبا لەسەر کەمی بڕی قەرەبووەکە، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە وەڵامداووتی، "قەرەبووەکە لەلایەن لیژنەیەک دیاریکرا. لە هەندێک شوێن هەندێک خەڵک موڵکی کریووە بۆئەوەی قەرەبووبکرێنەوە، بەڵام کاتێک لیژنەکە خاوەن مولکەکە قەرەبوو دەکاتەوە لە دوو سێ نووسینگەی خانووبەرە نرخەکان دەپرسێت. لە کاتی قەرەبووکردنەوە ڕێژیەکی تر لەسەر بڕەکە زیاد دەبێت بەهۆی دوادەکەوتنی پارەکە. لەکاتی ڕازی نەبوونی خاوەن موڵک بەو بڕا پارەیەی تەرخان کراوە ، دەتوانێت لە دادگا سکاڵا تۆمار بکات ، دادگاش بۆ لێکۆڵینەوە لیژنەیەک دەنێرێت. بەو پێیە قەرەبووەکە زیاد یا کەم دەکرێتەوە ، سیستەمەکە بەم شێوازەیە".

بەهۆی چۆڵکردنی گەڕەکەکان ئاماژە بە گۆڕانکاری لە نرخی خانووبەرە کرد و ووتیشی "خەڵک دەڵێت خانووی من لەناو بازاری شارە ، خانووەکەم خانووێکی سادەیە بەڵام بەهایەکی بازرگانی هەیە. ئەو کاسبکارانەی لە بازار کار دەکەن لەوانەیە خانوویەک بکڕن و نۆژەنی بکەنەوە لەبەر نزیکی لەسەر شوێنی کارەکانیان. واتە ئەمە تایبەتمەندییەکە کاریگەری لەسەر نرخی خانووەکەدا هەیە ، بەڵام لە کاتی چۆلکردنی گەرەکەکە ئەو بەهایەی پێشووی نامێنێت. بۆیە دەبوایە ڕێگە بە چۆڵکردنی نەدرێت تا ئەو کاتەی بەهاکەی دیاریدەکرا، پاشان ڕوونکردنەوەیەک دەدرا کە نرخەکان دیاریکراوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە و ئەوەیشی ئارەزووی هەیە دەتوانێ بەو نرخە چۆلی بکات. ئەمەش کارێکی سەختە. ئەگەر سەرنج بدەین لە شاری ڕۆما بە هەمان شێوە پارێزگاری لە جۆرە شوێنەوارانە کراوە، لە هەولێریش بە هەمان شێوە نەخشەی بۆ دانراوە. پلانەکەی حکومەت ئەوەبوو کە دەورووبەری قەڵات لای باڵەخانەکانی دادگا و پارێزگا هەموو دەبوویە پارک. گەرەکی پشتی باغی شار دەبووە کافتریا و هۆتێل لەسەر شێوازی کۆنەکەی".

ئەندازیارعەلی ڕەشید خۆشناو، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکە ڕوونکردەوە و ووتی "ئەگەر قەیرانی دارایی نەبوایە ئێستا بەشێکی زۆری ئەو پرۆژەیە کۆتایی پێهاتبوو، سەرەتا دەست بە تەواوکردنی خزمەتگوزاری پرۆژەکە دەکرێ هەرچەندە لەبەر تەسکی کۆڵانەکانی تێپەرنەبوونی ئۆتۆمبێلی پێیدا ، خزمەتگوزاری ئەو گەڕەکانە تۆزێک ئەستەمە. یونسکۆ ڕێگە بە دەستکاری کۆڵانەکان نادات تاکو شوێنەوارەکە سروشتی خۆی لە دەست نەدات. ئەمەش هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکەیە".

سەبارەت بە جۆری کەرسەتەی بەکارهاتوو لە پرۆژەکە ئەندازیارعەلی ڕەشید خۆشناو ووتی "بێگومان ڕێکخراوی یونسکۆ و ئەو ستافەی کاری لەگەڵ دەکات لە بارەی چۆنیەتی گەرەکەکان بەر لە سەد ساڵ زانیاریان لایە و لەسەر هەمان شێواز نوێی دەکەنەوە. هەندێک لە کۆڵانەکان بەم چل پەنجا ساڵەی دوایی، چیمەنتۆ تیایدا بەکارهاتبوو و گۆڕانکاری تیاکرابوو. ئەو کەرەستانەی کە بەکار دەهێندرێت هەمان کەرەستەی خۆیەتی. وەک ئەوەی لە نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێرڕوویدا کە ستافی ئێرانی هێنرابوو و هەمان کەرەستەی بەکارهاتووە بۆ ئەوەی هەمان ڕەنگی خۆی هەبێت."

> **بە بۆچوونی من، ئەمە هۆکارێکی سیاسی لە پشتە**

ئازاد کورەچی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر هۆکاری چۆڵکردنی ئەم سێ گەڕەکە زۆرینە تورکمان نشینە بۆ تەبا ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت "چۆڵکردنی قەڵا لە سەردەمی بەعسەوە دەستیپێکردووە. بە بۆچوونی من ، ئەمە هۆکارێکی سیاسی لە پشتە، کاتێک پرسیارییان لێدەکەین دەڵێن ئەم شوێنانە شوێنەواری مێژوویین لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆ دەناسرێندرێن".

بیرورام ئەوەیە بۆ ناساندی ناوچەیەک یا شارێک بەجیهان پێویست بە ناساندنی شوێن و مێژووی شارەکە دەکات، کورەچی دەشڵێت "پێویستە قەڵای هەولێر و گەڕەکەکانی وەک گەڕەکی خانەقا بناسێنرێت چونکە یەک لە خاسلەتەکانی گەڕەکی خانەقا خانووەکانی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان موزەفەرەدین بۆ خانمی بێوەژن و نەوجەوانان دروستکراوە".

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، چەند زانیارییەکی دەربارەی گەڕەکەکانی تەعجیل و گەڕەکی عەرەبان دەخاتە ڕوو ، دەڵێت "ناوی گەڕەکی تەعجیل لە بوونی مەزارگەی ئیمام تەعجیل لەم شوێنەوە هاتووە. گەڕەکی عەرەبیش ناوە ڕەسەنەکە گەڕەکی (نوێ)یە. دواتر گۆڕاوە بۆ گەڕەکی عەرەبان. لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوانی قەڵای هەولێر، وورده وورده هاتوونەتە خوارەوە ، لە گەڕەکەکە نێشتەجێبوونە و ناویان ناوە گەڕەکی نوێ".

> **لەڕاستیدا تورکمانەکان پەرت وبڵاوبوونەتەوە**

کورەچی باس لە پێکهاتەی جوگرافیای شاری هەولێر دەکات و دەڵێت "هەولێر لە قەڵا و ئەم سێ گەڕەکە پێکهاتبوو. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٢٠ ڕێژەی تورکمان لە ناوەندی هەولێر لە ٪١٠٠یش نەبێت، دەتوانم بڵێم لە ٪٩٨بۆ٪٩٩ بووە. بێگومان ئەمە هۆکارێکی سیاسی لەپشتە".

هاوکات لە درێژەی باسەکەدا کورەچی ووتی "لە کاتی چاو پێکەوتنم لەگەڵ بەرپرسان پێشنیاری ئەوەم کرد کە ئەگەر سێ گەڕەکە ڕادەستی یونسکۆ دەکەن ئەوا با چوارگەڕەکی تر بەناوەکانی قەڵای نوێ و تەعجیلی نوێ و خانەقای نوێ و گەڕەکی عەرەبی نوێ هەبێت و خاوەن موڵکەکان ودانیشتوانی کۆنی قەڵا لەم گەرەکانە دووبارە نیشتەجێ بکرێنەوە. بەم ئەندازەیە دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە وەکو جاران دەتوانن پارێزگاری لە تورکمانبوونیان و کولتوور و زمانی تورکمان بکەن. لەڕاستیدا ئێستا تورکمان پەرت وبڵاوبوونەتەوە. تورکمانی تەعجیل لە گەڕەکی تەعجیل دەرهێنران و لە گوندێک نیشتەجێ کران. خۆم بە پرۆژە گەڕەکەکانم خستووەتەڕوو پێشکەشی لایەنی پەیوەندیدارم کردووە بەڵام تا ئێستاهیچ ئەنجامێکی نەبووە".

ئازاد کورەچی ووتیشی "ئەگەر هاتوو پرۆژەکەم جیبەجێ کرا، ئەوا پلانی یەکگرتنەوەی قوتابخانە تورکمانییەکانیشم هەیە. لە ئێستادا تورکمان لە ناوچەجیاجیاکانی شاری هەولێر بڵاوبوونەتەوە، گەرئێمە لەم چوار گەرەکە کۆببینەوە، ئەوکات دەتوانین قوتابخانە تورکمانییەکانیش کۆبکەینەوە وئاستی خوێندن بەرزبکەینەوە. بەم شێوازە قوتابییانمان دەتوانن لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا ئامادەیی لە قوتابخانەیەکی تورکمانی بخوێنێت".

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئازاد کورەچی لەگەڵ پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد کە "گەڕەکەکان دەبنە شوێنەرای مێژووی و ئاسەوار. بەڵێنی وەرگرتنی خانووم پێدراوە بۆ ئەو دام ودەزگایانەی کە چالاکی کولتووری ئەنجام دەدەن. لە گەڕەکی تەعجیل دیوەخانێک بە ناوی دیوەخانی کورەجییان هەیە کە نوێنەرایەتی کورەچییەکان دەکات. باپیرانمان دەڵێن "شار لەناو دەچێ بەڵام دابونەریت هەرگیز لەناو ناچێ". هەرچەندە شارەکەمان و گەڕەکەکانمان بەرەو نەمانچوون، بەڵام دابونەریتمان واتە کەلتوورمان ماون. بۆیە پێویستە لەم گەڕەکانە ناوەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی و دیوەخانی دابمەزرێنین".

کورەچی دەربارەی خواستی گەل ووتی "ئێمە وەک نەتەوەیەک ، پێویستە ئەم داواکاریانەمان هەبێت. ناکرێ چاوەڕێی هەموو شتێک لە سیاسەتمەداران بکرێت. بێدەنگ بوونی گەلێک مانای ڕزانەوەیەتی. خەڵک ئێمە هەمیشە یا بێدەنگە یان ڕەخنگرە بەڵام هەرگیز داواکاری نییە . ئەگەر داواکارییەکت هەبوو داوا بکە ، بە جارێک نەبوو، ئەوا دووبارە داوا بکەوە. لەبری تووڕەکردنی بەرامبەرت ، شەرمەزاری بکە. برۆ بپرسە و بڵێ "ئایا منێک هۆکارم بۆ مەترسی لەسەر ئەم ووڵاتە ؟" ئەگەر ووتیان نەخێر، بڵێ "گەر مەترسی نیم کەوایە داواکارییەکانم جێبەجێ کەن". ئێمە وەک نەتەوە داوای هیچ شتێک ناکەین و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین ئەوان مافمان بدەن. ئەگەر تورکمانێک بە زمانی خۆی قسە نەکات، دەوڵەت چۆن پێی بڵێت بە تورکمانی بدوێ؟ یان تورکمانێک نەڵێت من تورکمانم، دەوڵەت چۆن داوای بە تورکمانبوونی لێبکات؟ بێگومان دەوڵەت ئەم هەنگاوانە نانێ ، پێویستە خاوەندارییەتی خۆت بکەی.

نەتەوەی ئێمە تایبەتمەندییێکی هەیە وە دەمانەوێت ئەو تایبەتمەندییە بۆمان بمێنێتەوە. بە نموونە ، هەر چۆن کە گەڕەکی عەنکاوە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەم چوارگەڕەکەی ئاماژەم پێکرد کرد با تایبەتمەندی خۆیان هەبێت. وەکو نەتەوە ، لە بری یەکتر شکاندنەوە پێویستە پێکەوە کاربکەین".

> **نەتەوەی مردوو زیندووەکەشی دەکوژێت، بەڵام نەتەوەی زیندوو مردووش زیندوو دەکاتەوە**

لە دوایین ووتەکانی ئازاد کورەچی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بە م شێوەیە دوا "نەتەوەی مردوو زیندووەکەشی دەکوژێت، بەڵام نەتەوەی زیندوو مردووش زیندوو دەکاتەوە. گەلی مردوو، کاربەدەستەکانیشی دەکوژێت. ئەگەر کاربەدەستێک لە میللەتێکی مردوو هەوڵی شتێک بدات ئەوا گەل لەدژی دەوەستێتەوە وکاربەدەست دەکوژن. بەڵام گەلی زیندوو، کاربەدەستی خۆی تەریق دەکاتەوە و کاریشی پێ دەکات".

**عەلی عەنتەر**
**فۆتۆ: جۆبان تیمور-بارزان لوقمان**

# راوێژکاری حکومەتی هەرێمی بۆ تەبا: هەرێم ئامادەیە بۆ دانووستان بەڵام بەغداد ئامادە نییە

له چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری تەبا لەگەڵ دڵشاد شەهاب، راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان باسی دواین پێشهاتەکان و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم کرد.

دڵشاد شەهاب راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بەو پێشنیارانەی که لەلایەن پارتە سیاسییەکان پێشکەش بە شاندی حکومەتی هەرێم کراوە لە کاتی سەردانی کردنیان ووتی"سەردانی شاندی حکومەتی هەرێم بۆ لایەنە سیاسییەکان بەردەوامە و تا ئێستا پێشنیاری باش کراوە و بیروڕامان گۆڕیوەتەوە ، دەتوانم بڵێم لەسەر بابەتە بنەڕەتییەکان که پەیوەندی بە پاراستی یەکریزی گەلی کوردستان و قەوارەی سیاسی و یاسایی هەیە لە هەرێمی کوردستان هاوڕاین وریککەوتین، بە تایبەتیش پرسی مامەڵەکردن کە پێویستە لە رێی حکومەتی هەرێمەوە بێت. دەبێت گەلی کوردستان لە ئەگەری هەر پێشهاتێکی نویێ بە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی ولایەنە سیاسییەکانیەوە یەک ریز و یەک دەنگ بێت بەرامبەر بەغداد. ئەمانە چەند پرسێک بوون کە لە کۆبوونەوەکاندا هەموولایەنەکان هاوڕابوون لەسەری".



راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق باسیشی لە ئامادە بوونی حکومەتی هەرێمی بۆ دانووستان لەگەڵ عێراق کردو ووتیشی "تا ئێستا دانووستان لەگەڵ بەغداد دەستی پێنەکردووە چونکە بەغداد ئامادە نییە بۆ دانووستان. لە هەڵوێستە فەرمییەکان دەڵێن پێویستە هەموو گرفتەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، بەڵام بە کردارتا ئێستا هیچ هەنگاوێکیان نەناوە".

دڵشاد شەهاب ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند "تا ئەم خولەکەش بڕیار وایە ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، هاوکات هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمیش لەگەڵی ئەنجام بدرێت. ئەگەر رێککەوتنێکی سیاسی بکرێت بۆ ئەوەی بە چ شێوازێک سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژێردرێت ئەوا جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر رێککەوتنێکیش نەکرا، سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت. تا ئێستا پارتی هیچ بڕیارێکی نەداوە هۆکارەکەشی تا ئێستا کاتی هەڵبژاردن دیار نییە. هەرکە کاتی هەڵبژاردن بە فەرمی دیاری کرا ئەوا ئێمەش هەڵوێستی خۆمان رادەگەیەنین".

عەلی عەنتەر

# دوای ٦٥ ساڵ وەک یەکەم سەرۆککۆماری تورکیا ئەردۆغان سەردانی یۆنان دەکات

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە یۆنان. ئەردۆغان دوای ٦٥ ساڵ یەکەم سەرۆککۆماری تورکیایە کە سەردانی یۆنان بکات.

سەرۆککۆماری تورکیا لە بەرواری ٧ی کانونی یەکەم سەردانی یۆنانی کرد، لە سەردانەکەیدا ئەردۆغان لەگەڵ پرۆکۆپیس پاڤلۆپۆلۆس، هاوتا یۆنانییەکەی و ئەلێکسیس چیپراس، سەرۆکوەزیرانی یۆنان کۆبووەوە.

ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لە وەڵامی پاڤلۆپۆلۆس سەرۆککۆماری یۆنان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دوای ئاماژەکردنی بە رێککەوتننامەی لۆزان دەربارەی موسوڵمانانی تراکیای رۆژئاوا ووتی "ئەو موسوڵمانانەی تراکیای رۆژئاوان دەتوانن بەو لۆزانەی کە باوەریان پێیەتی بژین؟ موسڵمانانی تراکیای رۆژئاوا ژیانیان دەبەنەسەر لەگەڵ سەرموفتییەکی دانراو نەوەک سەرموفتیەکی هەڵبژێردراو. لە ووڵاتی تورکیا قەشە دانانرێت ، بەڵکو لەلایەن ئەنجوومەنەوە هەڵدەبژێردرێت. پێویستە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە خاوەن رەگەزنامەی تورکی بن. بەهۆی کەم بوونی ژمارەیانەوە، ئەو ناوانەی کە قەشە بە ئێمەی دا بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی ئەنجوومەن ، ئێمە رەگەزنامەی تورکیمان پێبەخشین. ئەو ئەندامەنەی ئەنجوومەنیش هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی قەشەیەک. کەچی لە رۆژئاوای تراکیا لە یۆنان تا ئێستا پیاوە ئایینیەکان نەیانتوانیوە سەرموفتیەک بۆخۆیان هەڵبژێرن. ئێمە چۆن دەبێ بڵێین لۆزان لە جێبەجێ کردنە! کەواتە تا ئێستا لۆزان جێبەجێ نەکراوە".



ئەردۆغان ئاماژەی بە بوونی کێشەی سەربازی کرد و ووتی "ئێوە لە ناتۆ دەرچوون، ئێمە یارمەتیدەربووین لە دووبارە ئەندام بوونتان ناتۆ. ئەگەر رێگربووباین ئێوە نەتاندەتوانی بگەڕێنەوە ناتۆ. بەڵام ئێمە بەم جۆرە نەمانڕوانی، وەک دراوسێ سەریری ئێوەمان کرد ، ئەمڕۆش بەهەمان شێوە لە بارودۆخەکە دەڕوانین".

سەرۆککۆماری تورکیا لە دیدارەکەیدا لەگەڵ هاوتا یۆنانییەکەی ئەلێکسیس چیپراس، سەرۆکوەزیرانی یۆنان کۆبووەوە. ئەردۆغان دوای کۆبوونەوەکە روونیکردەوە کە "پێناسەی لۆزان و شێوازی پێناسە کردنی لۆزان رێککەوتنێک نییە لە نێوان تورکیا و یۆنان. رێککەوتنێکە کە ١١ وڵات لەخۆ دەگرێت. لۆزان ژاپۆن و ئینگلتەرا و فەرەنساشی تێدایە. ئایە لۆزان تەنها ناوچەی ئەگەی تورکیا دەگرێتەوە؟ لە رۆژئاوای تراکییە سەرموفتیەک دامازراوە. بەڵام ئێمە هەڵمانبژاردووە. بە ئابلۆقەدانی لۆزان لە ناوچەی ئەگە با کۆتایی پێنەهێنین. ئێمە لەگەڵ یەکپارچەیی وڵاتین".



لە وەڵامی لێدوانەکەی چیپراس دەربارەی کێشەکانی قوبرس، رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی دادپەروەرانە و درێژخایەنی بە پێویست زانی و ئاماژەی بەمانەش کرد :

"بەڵێ بەڕێز چیپراس دەڵێت ٤٣ ساڵە بەم جۆرە بەردەوام بووە ، منیش بەگوێرەی ئەوەی تەمەنم ٦٣ساڵە و تا ئێستا هەمان شتم بینیوە، ئێستاش هەمان شت دەبینم. کەوایە دەبێت رێگەچارەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەم کێشەیە. بەڵام لە کاتی گەڕان بە دوای رێگەچارە، من خاوەن ئەزموونێکی باشم. ئەموو کاتیش لە نزیکەوە چاودێری ماوەکەم کردووە. لەم ماوەیەدا، زۆر باش دەزانم کە کێ لە بابەتەکە ڕایکردووە، دەتوانم هەموو بەڵگە و زانیارییەکان بدەم بە ئێوە".

# بارودۆخی کتێبخانەکانی شاری هەولێر



لەم ژمارەیەدا وەک هەفتەنامەی تەبا بۆ زانینی کاریگەری قەیرانی دارایی و دۆخی ئێستای وڵات لەسەر کتێبخانەکان رووماں لە چەند کتێبخانەیەک کرد.

لەبارەی بارودۆخی کتێبخانەکان موخلیس یونس مستەفا، خاوەنی نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و شەفیع محەمەد بەڕێوەبەری هەڤاڵ بووک ستۆر بۆ مایکی تەبا دەدوێن.

موخلیس یونس مستەفا، خاوەنی نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە دەربارەی کتێبخانەکەیان ئاماژەی بەوە کرد کە کتێبخانەکەی ئەوان کتێبخانەیەکی زۆر گەورەیە، هەموو بابەتێکی زانستی و زانیاری تێدایە و دەزگاییکی چاپەمەنیشە. ناوبراو ئاماژەش بە ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان دەدات و دەڵێت "تاکو ئێستا نزیکەی ٨٠٠ کتێبمان چاپ کردووە".

موخلیس یونس دەڵێت "بە گشتی هەر کتێبەو وەرزی خۆی هەیە و هەر وەرزێکیش خوێنەری تایبەتی هەیە ، کاتێک زانکۆ و کۆلێژەکان دەکرێنەوە زیاتر کتێبی مەنهەجی دەفرۆشرێت. کات هەیە چاپی نوێی کتێبی فەلسەفی و فیکردی دێت ئەو کات کتێبی فکری و فەلسەفی زیاتر دەفرۆشرێت".

سەبارەت بە پڕفرۆشترین جۆر و بابەتی پەرتووک ، موخلیس ڕوونی کردەوە "ئەگەر ریزبەندی بۆ پەرتووکەکان بکەم ئەوا دەتوانم بڵێم پەرتووکی بابەتی ئایینی پڕفرۆشترە ، دواتر پەرتووکی بابەتی مەنهەجی خوێندن ڕەواجی هەیە. لەبەرئەوەی نووسینگەیەکی فراوانین و هەموو جۆرە کتێبێکمان لا دەست دەکەوێت، لەبەر زۆری سەرچاوەی کتێبەکان لامان قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا لە هەموو عێراق سەردانی نووسینگەکەمان دەکەن".

خاوەنی نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لەبارەی خوێنەرانی ڕۆمان و چیرۆک ووتیشی "لەپاش بابەتەکانی ئایینی و مەنهەجی زیاتر ڕۆمان دەفرۆشرێت. وادیارە بارودۆخی دارایی هاووڵاتییان کاریگەریی زۆری هەبێت. کاتێک خەڵک خەریکی ئیش و کار دەبێت و وڵات لە بووژانەوەدا دەبێت، ڕۆمان و شیعر کەم دەخوێندرێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە لەکاتی بێکاری ڕۆمان و شیعر زۆر ڕەواجی دەبێت و خوێنەری زۆر دەبێ".

موخلیس یونس مستەفا، سەبارەت بە بارودۆخی بازاڕی کتێب گوتی "بازاڕی کتێب خراپترین بازاڕە لە وڵاتی ئێمە. چونکە تا ئێستا نە لە لایەن حکومەت و نەلەخودی میللەتیش بەرنامەیەک دانەندراوە بۆ ڕاهێنان و هاندان لەسەر خوێندن و خوێندنەوە . هەربۆیە لە کاتی درووست بوونی کێشەیەکی ئابووری ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کتێب و کتێبخانەکان دەبێت. ئەگەر پێوەرێک هەبێت بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا بۆ کێشە ئابوورییەکان ئەوا ئێمە گەورەترین زەرەرمەندین، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێمە خوێنەر نییە و بەداخەوە دەڵێم ئاستی خوێندنەوەش زۆر کەمە".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە بەر لەبەرپابوونی کێشەی داراییەکان، ئەوان نزیکەی ٧٥٪ی فرۆشتنیان بۆ زانکۆ و کۆلێژەکان بووە و دەشڵێت "چوار ساڵ بەر لە ئێستا و لەهەبوونی بودجە، دوای دابەش کردنی بودجەی بە بەردەوامی زانکۆکانی کوردستان و عێراق بۆ کڕینی کتێب ڕوویان لە ئێمە دەکرد. ٧٥٪ی فرۆشتنمان لەسەر بودجەیە و بەهۆی نەبوونی بودجە ٤ ساڵە ئەو ڕێژەی لەدەست داوە".

لە دوایین وتەکانی دا موخلیس یونس ووتی "دوای دەرکەوتنی داعش و درووستبیینی کێشەی مووچە ، دەتوانم بڵێم دۆخی بازاڕ زۆر خراپ بووە".

شەفیع محەمەد، بەڕێوەبەری هەڤاڵ بووک ستۆر ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو کتێبانەی لای ئەوان دەست دەکەون زۆربەیان بریتین لە کتێبی زانکۆ و قوتابخانەکان دەڵێت "وێڕای ئەم پەرتووکانە، چەندین پەرتووکی جیاواز تر بۆ فێربوونی زمان لامان دەستدەکەوێت".

بەڕێوەبەری هەڤاڵ بووک ستۆر باسی لەوە کرد کە زۆرینەی کتێبەکانی هەڤاڵ بووک ستۆر بە زمانی ئینگلیزین، زیاتر دەڵێت "ئەو کەسانەی کە لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانی هەرێم دەخوێنن زیاتر کڕیار و خوێنەری کتێبەکانی ئێمەن. زۆربەی خوێنەرەکانیش گەنجن".

لەبارەی ئەو خوێنەرانەی کە قوتابی نین، ناوبراو دەشڵێت "خوێنەری ئاسایی هەیە بەڵام بەو ڕێژەیە نییە. ڕێژەی خوێنەری زمانی ئینگلیزی لە شاری سلێمانی و دهۆک لە هەولێر زیاترە بۆیە داواکارییەکی زۆر لەم شارانە هەیە".

شەفیع محەمەد، تیشکی خستەسەر ئەوەی کە لە ماوەیەکی نزیکدا باشترین جۆری کتێبی زمانی تورکییان لا بەردەست دەبێت بۆخوێنەر و ئارەزووی فێربوونی زمانی تورکی هەیە.

**بارزان لوقمان**
**فۆتۆ: جۆبان تیمور**



## ئاش لە چ خەیاڵێک و ئاشەوان لە چ خەیاڵێک



**عەلی عەنتەر**

چیمان کرد؟ خەیاڵی ئەوەمان هەبوو پێشبرکێ لەگەڵ دوبەی بکەین، وورده وورده نزیک دەبینەوە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ و حکومەتەکەی هەرێمی کوردستان کە تەمەنی دەگاتە ٢٦ ساڵ. مرۆڤێکی ئاسایی ڕەنگە لە ماوەی ٢٦ ساڵ خوێندنی ماستەری تەواو کردبێت و قوتابی دکتۆرا بێت، ڕەنگە منداڵێکی گەورە کردبێت. بەڵام هەرێم وێڕای ٢٦ ساڵی تەمەنی هێشتا ساوایە و خاوەنی هیچ نییە. ئەگەر سەیرێکی شارەکانی هەرێم بکەین دەبینین هێشتا بۆنی ڕژێمی بەعسی تیا ماوە. بەڵگەش بۆ ئەو قسەیەی کە خۆم لێی بەرپرسم، ئەوەیە کە هێشتا دەست و پەنجەی حکومەتی هەرێم دیار نییە لە نێو شارەکان. بە نموونە لە رووی تەندرووستیەوە گەورە نەخۆشخانەی شاری هەولێر کە ناوی ئێستای نەخۆشخانەی رزگارییە لە سەردەمی رژێمی سەدام دروست کراوە ، بێجگەی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن کە پێویست ناکات هەر باسیش بکرێت. لە رووی زانستیەوە گەورەرین زانکۆی هەرێم کە زانکۆی سەلاحەددینە لە ساڵی ١٩٦٨ لە سلێمانی کرایەوە و لە ساڵی ١٩٨١ گوازرایەوە هەولێرو ناوەکەی گۆردرا بۆ زانکۆی سەلاحەددین ی هەولێر و زۆربەی قوتابخانەکان جگە لە قوتابخانە نوێکان یا لە سەردەمی رژێمی بەعس و یانیش پێش رژێم دروستکراوە. لە ڕووی دامودەزگاکەنەوە هەر یەکە لە تەلاری پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بگرە لە سەدا ٨٠ی باڵاخانەکانی حکومەت لە سەردەمی رژێمدا بنیادنراوە. لە ماوەی ٢٦ ساڵ وێڕای بوونی ئەو هەموو داهاتە و ئەو هەموو پڕۆژەیە ، حکومەتی هەرێم کۆمەڵێک نەخۆشخانەی ئەهلی دروووست کرد کە رۆژانە بازرگانی بە تەندرووستی مرۆڤ دەکەن. کۆمەڵێک زانکۆ و قوتابخانەی ئەهلی و بازرگانی دروووست کرد کە ساڵانە بە زەبری پارە نەوەیەکی بێ زانست بەرهەم دێنن، لە ڕووی ئیداریشەوە کۆمەڵێک پارکی بنیادنا کە لە پاڵ سوودی بۆ هاووڵاتی ، رۆژانە کۆمەڵێک کردەوەی ناشرین تێدا ئەنجام دەدرێت. ئێستا دەپرسم لە پرۆژە حکومییەکان جگە لە پارکەکانی ناو شاری هەولێر،

چی دەمێنێتەوە کە حکومەت شانازی پێوەبکات؟ بێگومان هەمان ئەو شارەیە کە پاش رژێم بۆمان بەجێماوە.

هەندێک لە هاوڕێکانم پێیان وایە من ناحەقی دەکەم . ئەوان پێشکەوتنی هەولێربە دروست کردنی ئەو هەموو باڵەخانە و گوندانە دەبەستنەوە. باشە ئەو شارانە چ سوودێکیان هەیە؟ شاری خەونەکانمان بۆچیە لە کاتێکدا خەڵکی هەژار لە خەونیش نابێتە خاوەن یەک مەتر زەوی لەو کۆمەڵگایانە؟ ئەو هەموو باڵاخانەیە کە تیشکی خۆری لێ تۆراندووین چی سوودێکی هەیە لە کاتێکد کە هەر یەکەی بەناوی بازرگانێکەوەیە؟

لە سەردەمی رژێمدا بازاڕی ناوەندی (سوق مرکزی) هەبوو کە حکومەتی ئەوکات کاڵای لە دەرەوە هاوردە دەکرد و بە هەرزانتر دەیفرۆشتەوە هاونیشتمانی. حکومەتی ئێمەش بازارەکانی ناوەندی داخست بۆ قازانج کردن و بازرگانی کردنی خاوەن موڵکەکان. ئەوانە تەنها چەند نموونەیەکی بچووک بوون کە لە شاری هەولێر بەرچاومان دەکەوێت، دۆخی دهۆک و سلێمانیش زۆر باشتر نییە لە هەولێر.

لێرەوە دیسان دەگەڕێینەوە پرسیارەکەی سەرەوە، چیمان کرد؟ لە ئەنجام دەردەکەویت کە هیچمان نەکردووە. لەمەودوا چی دەکەین؟ ئەوەش ئاشکرایە کە ئەوەی لەکاتی بوونی پارەدا نەکرا، لەمەودواش ئەستەمە کردنی

# مۆنۆپۆلی سیاسی



د. سۆران صلاح الدین شکر

مۆنۆپۆلی سیاسی واتە لەنێو گروپێکدا هەوڵی دەست باڵا بوونی کەسێك یان کەسانێك بەرامبەر کەسانی تر «مۆنۆپۆل»ی پێ دەگوترێت. لە راستیدا لە نێو کۆمەڵ ویاخود گروپێکدا دەست باڵا بوونی کەسانێك بەرامبەر کەسانی تر وەك دیاردەیەکی سروشتی پێویستە سەیر بکرێت. جگە لەوەش بە پێی بۆچوونی هەندێك رۆناکبیر دیاردەی مۆنۆپۆل کردن سوود بەخشە بۆ بەهێز کردنی یەکرێزی تاکەکانی کۆمەڵگا, ئیگلتن لەو بارەیەوە دەڵێت، «ئەرکی سەرەکی مۆنۆپۆل (هیگەمۆنی) هێنانە کایەی ئەو فاکتەرانەیە کە دەبنە هۆی درووست کردنی بناغەی یەك رێزی لەناو کۆمەڵ». لەو روانگەیەوە مۆنۆپۆل لە تیۆریدا بە دیاردەیەکی باش تێروانین دەکرێت. بەلام واقیع ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو تەفائولە لە پراکتیکدا بوونی نییە. چونکە مۆنۆپۆل کردنی دەسەلات زۆر جار دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەنجامی نەخوازراو. مرۆڤ ویاخود رێکخراوە سیاسیەکان زۆر جار بیر لە رێگا وکرداری جۆراو جۆر دەکەنەوە بەمەبەستی بەهێز کردنی پێگەی خۆیان، و لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجە روو دەکەنە بەکارهێنانی دەسەلات بەشێوەێکی نادادپەروەر و بەزاندنی گشت بنەماکانی نیەت پاکی. ئەم دۆخە بە تایبەتی لەناو رێکخراوە سیاسیەکان دەبێتە هۆی ئاڵۆزی وپەرتەوازەیی بیرکردن ولاوازبوونی رێکخستن.

مۆنۆپۆلی سیاسی یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری نەرێنی هەبووە لە سەر بزوتنەوەی سیاسی تورکمانی. نەگەیشتن بە ئامانجی درووست کردنی پێگەیەکی سیاسی بەهێز بۆ تورکمان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقی یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی ئەو هەلوێستە سیاسیە، کە لە سایەیدا تورکمان نەیتوانی کارێکتەرێکی سیاسی تایبەت پێك بهێنێت.

بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری تورکمان لە دوو سەنتەرەوە کەرکوك و هەولێر بەڕێوەچووە. جیاوازی پێگەی جیوگرافی ودیموگرافی ئەو دوو ناوچەیە، هۆکارێك بووە بۆ دروست بوونی دوو قوتابخانەی سیاسی و کولتووری تورکمانی جیاواز لە هەندێك خەسلەت, لەگەل ئەوەشدا تێکۆشان لە پێناوی بەدیهینانی مافە رەواکانی تورکمان ئامانج وخاڵی هاوبەش تەواو کەری ئەو دوو قوتابخانانەن.

دوای سالانی (١٩٩٠) و دروست بوونی ناوچەی ئازاد لە کوردستان بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی و گەشەسەندنی دیموکراسی لەو ناوچەیە دوور لە فشاری رژێمی بەعس، هەولێر بووە سەنتەرێك بۆ راپەراندنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی سیاسی گەلی تورکمان، بە شێوەیەك یەکەم پارتی سیاسی و کۆنگرەی نەتەوەیی گشتی وبەرەی سیاسی و قوتابخانە و رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و دام و دەزگای سیاسی تورکمانی لەم شارەدا هاتە کایەوە. دەتوانین بڵێین لەو قۆناغەدا هەولێر وکەسایەتییە سیاسیەکانی تورکمان بەبێ جیاوازی و دور لە هەرشێوازێکی ناوچەگەری بە جوانترین شێواز میوانداری ئەم قۆناغەیان کرد. بە شێوەیەك زیاتر لە نیوەی کادری سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی لە دەرەوەی شاری هەولێر بوون لە کاتێکدا تورکمان لە هەولێر خاوەن کادرێکی زۆر بوون بەشێوەێك توانای بەرێوەبردنی تاکە لایەنی دام ودەزگا تورکمانیەکانیان هەبوو.

لە قۆناغەکانی دواتردا بەداخەوە ئەو هەلوێستەی تورکمانی هەولێر بەهەند وەرنەگیرا، دوای روخانی رژێمی بەعس لە سالی (٢٠٠٣) یەکەم هەنگاو ئەوە بوو کە بارەگای سەرەکی بەرەی تورکمانی لە هەولێر گواستراوە بۆ کەرکوك. لە راستیدا گواستنەوەی مەلبەندی بارەگای بەرە بۆ شاری کەرکوك شتێکی ئاسایی بوو، بەلام ئەوەی ئاسایی نەبوو پشتگوی خستنی فیدەکارییەکانی تورکمانی هەولێر و دواتر پەراوێزخستنیان بوو بۆ ماوەێکی زۆر. یەکێك لە دەرئەنجامەکانی کۆنگرەی گشتی تورکمان لە بەغدا لە بەرواری (٢٠١٧/٥/١٦) پێکهێنانی «دەستەی باڵای هەماهەنگی» تورکمانی بوو، شایەنی باسە ئەم دەستەیە نوێنەری زۆربەی هەرە زۆری ناوچە تورکمانییەکانی لە خۆ دەگرتەوە تەنها شاری هەولێر نەبێ کە بێ بەش کرا لە بەشداری کردن لەم دەستەیەدا.

چەند هۆکارێکی پراکتیك بوونە پاڵنەر بۆ درووست کردنی ئەو دەستەیە گرنگترینیشیان درووست بوونی ئیئتلافێك لە نێو تورکمانە سوننییەکان و تورکمانە شیعەکان و بەشداریکردنی هاوسەنگی هەردوو لا. لە راستیدا درووستکردنی ئیئتیلافیکی هاوسەنگ لە بەرژەوەندی بزوتنەوەی سیاسی تورکماندا بوو، چونکە ئەو ئیئتیلافە رێگا چارە بوو بۆ کێشەی پەرتەوازیی لایەنە سیاسیە تورکمانەکان، بەلام لە واقیعدا هاوکێشەی هێز لە بەرژەوەندی تورکمانی شیعە کۆتایی پێ هات.

سەرەتا درووستکردنی دەستەی هەماهەنگی دەتوانین وەك هەوڵێکی کودەتا تێی بڕوانین لە دژی پێگەی بەرەی تورکمانی کە وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی نوێنەرایەتی کردنی تورکمان لە عێراقدا دەکرد لە رۆژی دامەزراندنی لە سالی (١٩٩٤) تاکو پێکهێنانی دەستەی هەماهەنگی. دواتر دەست پێشخەرییەکانی دەستەی هەماهەنگی بووە هۆی ئەوەی بەرەی تورکمانی بکەوێتە پلانی دووەمی هاوکێشە سیاسیەکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی دامەزراندنیدا.

هەولێر یەکێکە لە سیمبۆڵە مێژووییە هەرە گرینگەکانی تورکمان کە سەدەها هەزار تورکمانی سوننە لەخۆ دەگرێتەوە، بۆیە پەراوێزخستنی ئەم بەشە گرینگە و رێگرتن لە نوینەرایەتی کردنیان لە دەستەی هەماهەنگی بەڵگەیەکی ترە لەسەر راستی بۆچونەکانمان. لە (١٥) سالی رابردوودا پەیوەندیەکانی تورکمان ودەسەلاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە گەشەسەندن دایە. بەشداری کردنی تورکمان لە دەسەلاتەکانی تەشریعی وتەنفیزی بە رێژەیەکی بەرچاو جێگای خۆش حاڵی تورکمانە لە هەرێمی کوردستان. پەیوەندییەکانی تورکمان وهەرێم خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت لە لایەن تورکمان نیشنەکانی ناوچەکانی تر. بەشێکیان ئەم پەیوەندییە بەرز دەنرخێنن وبەشێکی تر بە پەیوەندیەکی نا دروست لە قەڵەم دەدەن بەشێکی توندرەویش زیادە رۆیی دەکات وە ئەو پەیوەندییە وەك خیانەتێك لە بزوتنەوەی سیاسی تورکمان شیدەکەنەوە.

لەگەڵ رێزمان بۆ گشت بۆچوونەکان، جەخت دەکەین لەسەر ئەوەی کە راستی ئەوەیە تورکمان لە چوارچێوەی خەباتی دیموکراسیدا هەوڵ بدەن پەیوەندی چاك پێکبهێنن لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی ئەو ناوچانەی کە تیایدا دەژین. تورکمانەکانی دەرەوەی هەرێم بە کام پاڵنەر هەوڵ دەدەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی مەرکەزی ئاسایی بکەنەوە بە هەمان پاڵنەریش تورکمانەکانی هەرێمیش مافێکی سروشتی خۆیانە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ هەرێم ئاسایی بکەنەوە. جگە لەوەش ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان هەرێم و بەغدا لە چوارچێوەی مافەکانی تورکمان ، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێك رەخنە وتێبینی، دەتوانین بلێین هەرێم لەم بارەیەوە هەنگاوێك لە پێشترە.

سەرەڕای سیاسەتی پەراوێز کردن تورکمانی هەولێر ئێستاش خۆیان بە بەشێکی گرنگی گەلی تورکمان دەزانن و لەو چوارچێوەیەدا هەڵوێستی سیاسی دەنوێنن. جگە لە هەندێك رێکخراوی لاواز سەرکردە تورکمانەکانی هەولێر و رێکخراوە سیاسیەکانیان بەردەوامن لەسەر کارێکتەری سیاسی تورکمانی. لە پرۆسەی ریفراندۆمدا هەندێك لەسەرکردە سیاسیەکان تەنانەت بەمەبەستی لە بەرچاوگرتنی هەستی برا تورکمانەکانی کەرکوك پشتگیری ئەم پرۆسەیەیان نەکرد. گومانی تیدا نییە تورکمانی هەولێر مەحاڵە پەراوێزکردنیان قەبوڵ بکەن. بۆیە هەندێك لە لایەنەکان هەوڵدەدەن هاوشێوەی دەستەی هەماهەنگی ئەنجوومەنێکی راوێژکاری (استشاری) لە هەولێر دروست بکەن. بێگومان پرۆژەیەکی لەم جۆرە کاریگەرێکی سلبی دروست دەکات ودەبێتە هۆکاری پەرتەوازیی وتێکچوونی یەکرێزی سیاسی تورکمان لە عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە تاکە رێگایە لە کاتی چارەسەر نەکردنی کێشەی نوێنەرایەتی تورکمانی هەولێر لە دەزگا گشتییەکانی تورکمان لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی، دوای کۆکردنی کۆنگرەی گشتی نەتەوەیی تورکمان بە بەشداری کردنی گشت لایەن و بە نوێنەرایەتی هەموو ناوچەکان دوور لە قۆرخکردنی دەسەڵات.

# تورکمانێک بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی دوزخورماتوو هەڵدەبژێردرێ

دوای ماوەیەکی درێژ پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی شارۆچکەی دوخورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەددین درا بە تورکمانێک.

ئەزەل رەمزی بەیاتلی، بۆ پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی شارۆچکەی دوزخورماتوو دەستنیشانکرا و لەگەڵ دەستبەکاربوونی سەرۆکە نوێیەکەی شارەوانی دوزخورماتوو بۆ تەبا دوا.

لە سەرەتای لێدوانەکەی دا بەیاتلی ووتی ”لە بەرواری ٥ی کانونی یەکەم وەکو سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی دوزخورماتوو سەر بە پارێزگای سەڵاحەددین دەست بەکار بووم“.



سەرۆک شاەوانییە تورکمانەکە بەم جۆرە باسی لە ئامانج و پرۆژەکانی کرد ”دوزخورماتوو خاکی منە ، بۆیە دەمەوێت خزمەتی بکەم. بێگومان هەوڵی ئەنجامدانی کاری زۆر باش دەدەم“.

ئەزەل رەمزی بەیاتلی ئەوەشی ڕوون کردەوە کە دوای پەنجا ساڵ، بۆ یەکەم جار تورکمانێک دەبێتە سەرۆکی شارەوانی دوزخورماتوو بەم بۆنەیەوە ووتی ”شانازی دەکەم کە بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردراوم“.

فەوزی ئەکرەم تەرزی پەرلەمانتاری پێشووی تورکمان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای کرد کە ”لە ساڵی٢٠٠٣وە تاوەکو ئێستا یەکەمین جارە تورکمانێک بۆ پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی شارۆچکەی دوزخورماتوو هەڵدەبژێردرێت“.

ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی تورکمان دەشڵێت ”لە ساڵی٢٠٠٣ وە تاوەکو ئێستا سەرۆکی شارەوانی لە برا کوردەکان هەڵدەبژێردرا، یەکەمین جارە ئەزەل رەمزی بەیاتلی وەکو هاووڵاتییەکی تورکمانی شارۆچکەی دوز بە سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەکە هەڵبژێردرێ“.

سەبارەت بە پۆستی قایمقامی دوزخورماتوو، تەرزی تیشکی خستە سەر چۆنییەتی داواکاری ئەم پۆستە و ووتیشی ”بۆ پۆستی قایمقامیەتی داوەتنامەی کراوەمان پێگەیشت. لیستی کاندیدەکانمان پێشکەشکردووە ، کاندیدەکانمان لە ئەکرەم محەمەد عەلی، دکتۆر حەسەن زەینەلعابدین، حەیدەرعەسکەرو مۆفەق ئەیوازپێکهاتووە. بەم شێوەیە بۆ جاری یەکەم لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە تورکمانێک ئەم پۆستە وەردەگرێت“.

**زیا عوزێری**

# کونسولی گشتی فەڵەستین لە هەولێر: هەنگاوەکەی ترەمپ تاکلایانەیە



نەزمی حزوری، کۆنسولی گشتی فەڵەستین لە هەولێر دەڵێت "ئەو هەنگاوەی ترەمپ هەنگاوێکی تاکە کەسییە، دوورە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێگەپێدراو نییە".

کۆنسولی گشتی فەڵەستین باسی لەوە کرد کە سوڵتان عەبدولحەمید لە ماندووترین ساتەوەختی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دا ملکەچ نەبووە لە بارەی خاکی قودس و ووتی "سوڵتان عەبدولحەمید ووتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت ئەگەر لەت لەتم بکەن، واز لە خاکی فەڵەستین ناهێنم ، چونکە ئەم خاکە بە خوێنی شەهیدان ئاودراوە".

سەبارەت بە هەڵوێستی ترەمپ لەبارەی قودس و وڵاتانی عەرەبی، حزوری ووتیشی "هەڵوێستی عەرەب و دامودەزگا جیهانییەکان زۆر بە باش دەزانین. بەتایبەتیش سوپاسی تورکیاش دەکەین بۆ ئەم هەڵوێستە گرنگەی".

کۆنسوڵی گشتی فەلەستین لە هەولێر دەربارەی گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودس دەڵێت "پێویستە قودس ببێتە پایتەختی فەلەستین، جگە لەمەش چاوەڕوانی هەنگاوی جددین لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی".

دوا بە دوای بڕیارەکەی ترەمپ ، لە لێدوانێک نەزمی حزوری، کۆنسوڵی گشتی فەلەستین لە هەولێر لە چاوپێکەوتنێک وەڵامی پرسیارەکانی تەبای داوە.

## لێکدانەوەی ئێوە سەبارەت بە ناساندنی شاری قودس وەکو پایتەختی دەوڵەتی ئیسرائیل چییە

ووتارەکەی سەۆکی ئەمریکا دەربارەی "قودس"وناساندن وکردنی بە "پایتەختی ئیسرئیل" ، بەرەیەکی پەلاماردان و دوژمنایەتی دەکاتەوە بە تێکدانی ڕێگە ناسراوە کلاسیکەکەی ئیسلام و کریستیان و ئاشتیخوازان . هەنگاوەکەی ترەمپ بەریەکی نوێ دژ یاسا نێودەوڵتییەکان دەکاتەوە . ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی ترەمپ بە مانای ڕاگەیاندنی بەلفۆرێکی نوێ و تراژیدیایەکی نوێیە نەک تەنها بە هەستی خەڵکی فەڵەستین ، بەڵکو هەموو جیهانی ئیسلامی و مەسیحی. ئەم بڕیارە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی نیە و دژی بە یاسا نێودەوڵەتییەکانە. بۆ ڕێگریکردن لە دابەشبوونی فەلەستین، یاسا نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی ١٩٤٨ بە سپاردنی پێگەیەکی تایبەت بە قودس، لە ژێرچاودێری دەستەی خاوەندارییەتی نێودەوڵەتی پابەند نەبوونی قودسیان بە ئیسرائیل ڕوونکردووەتەوە.

> هۆشداری دراوە کە قودس ناوچەیەکی داگیرکراوە و پێویستە ئیسرایل لە ناوچەکە بکشێتەوە

قودس لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی یونسکۆ بە شاری داگیرکراو وەسفکراوە . چەندین یاسا دەرکراوە و تیایدا ئاماژە بەوە کراوە بە هیچ شێوەیەک دەستکاری لە قودس نەکرێت و ئیدانەی هەرجۆرە دەستێوەردانێک بۆ ئاسەوارە کولتووری و کۆمەڵایەتی لە شاری قودس کردووە. دەستەی خاوەندارییەتی نێودەوڵەتی چەند بڕیارێکی دژ بە ئیسرائیل دەرکرد. لە ساڵی ١٩٦٧ ئەنجامی بڕیاری یاسای ژمارە ٢٤٢ دانانی قودس بە ناوچەیەکی داگیر کراو و جەختکردن لە کشانەوەی ئیسرائیل لەناوچەکە کراوە. هەنگاوی ترەمپ هەنگاوێکی تاکلایەنانەیە و دوورە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێگەپێدراو نییە.

## ئایا دەتوانن وەکو دەوڵەتی فەڵەستین هەڵوێستی وڵاتەکەتان سەربارەت بەم پرسە روون بکەنەوە

سەرۆک مەحمود عەباس رایگەیاندووە کە ئەو هەنگاوەکەی سەرۆکی ئەمریکا هەنگاوێکی تاکلایەنەیە و بڕیارەکەش ڕەتدەکاتەوە و ئیدانەی دەکات، ئەو بڕیارە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕێگەپێدراو نییە و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئاشتییە ، هاوکات دەبێتە ڕێگری لە هەنگاوەکانی ئاشتی و هێنانە پێشی ئەنجامەکان کە لە داهاتوودا گومانی ڕوودانی لێدەکرێ. سەرۆکی وڵات دەڵێت بۆ پرسی قودس ئەو هەنگاوە ڕێگەچارە دانانێت، بە پێچەوانەوە توند و تیژی ئایینی زیاتر دەبێت و خەڵکی فەڵەستینیش دژی ئەو هەڵوێستانە دەوەستنەوە. سەرۆک عەباس خاکی قودس بە پیرۆزترین شوێنی خاک مرۆڤایەتی لەسەر زەوی پێناسە دەکات، لە هەمان کاتدا یەکەم قیبلەی مرۆڤایەتی و موسوڵمانانە ، سێیەمین حەرەمی ئیسلام مزگەوتی ئەقسایە کە ئەویش دەکەوێتە قودس، کڵێسای قیامەتیش یەکێکە لە بەشەکانی قودس. دەستکاری کردنی ئەم شارە واتای دوور کەوتنەوە لە متمانە و سەقامگیری و ئاشتی دەدات.

> یاسر عەرەفات: هەرکەسێك بستێك لە خاکی فەڵەستین بکشێتەوە، لە ئێمە نییە

سەرکردە یاسر عەرەفات لە کاتی دانانی ئابلۆقەی سەر فەڵەستین ووتی "هەرکەسێك بستێك لە خاکی فەڵەستین بکشێتەوە لە ئێمە نییە، لە نێوانمان نییە، لەناومان نییە. بە ملیۆنانمان بۆ قودس شەهید دەبین".

"دەوڵەتی عوسمانی لە سەختترین ساتەوەختی دەستبەرداری خاکی قودس نەبووە"

سوڵتان عەبدولحەمید لە خراپترین و سەزتترین ساتەوەختی فەرمانڕەوایی عوسمانی دەستبەرداری خاکی قودس نەبووە بۆ هەرزڵ و سەرکردەکانی تری ئیسرائیل. سوڵتان ووتەیەکی بەناوبانگی هەیە، "ئەگەر پارچە پارچەشم بکەن یەک بست لە خاکی فەڵەستینتان پێنادەم، ئەم خاکانە بە خوێنی شەهیدان ئاودراون".

## دوای بە دوای روونکردنەوەکان هەڵوێستی وڵاتان چۆن هەڵدەسەنگێنن

ئەمرۆ ئەو پشتگیریە بنیاتنەرانەی وولاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەیکەن زۆر بە باشی دەبینین. بەتایبەتی زۆر سوپاسی هەڵوێستە گرنگەکەی تورکیا دەکەین. بانگەوازی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لە ١٣ی مانگی کانونی یەکەم سەلمێنەری باوەڕیانە بە پاراستی خاکی قودس کە موڵکی ٥٧ وڵاتی مسوڵمانە. هەڵوێستی ئەم وڵاتانە دەرخستنی نادرووستی بڕیارەکانی ترەمپە و ڕێگری کردنە لە دووباربوونەوەی پرسی جارنامەی باڵفۆرە دوای یەک سەدە . لە لایەکی ترەوە پێویستە چین و رووسیا و فەڕەنسا و هۆڵەندا و نەتەوە یەکگرتووەکان و وولاتانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی بەرامبەر بڕیارە تاکلایەنەکەی ترەمپ هەڵوێستێکی توند بگرنەبەر. خۆکردنە شای گشت جیهان ترەمپ و بڕیاردان بە گۆڕینی قودس لە پایەتەختی فەڵەستینەوە بۆ ئیسرائیل، هۆکارن بۆ بەربڵاوی زیاتری شەڕی ئایینی کە وڵاتی فەڵەستین دژ بەو هەنگاوەیە.

## چاوەڕوانی چین لە هێز و کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکان چیە

چاوەڕوانی هەنگاوێکی جددیین لە کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکان دژ بەو هەنگاوە . تاکە چارەیەک هەبێت دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستینیە و بە پایتەختبوونی قودسە ، چونکە ناوچەکە شوێنی ئاشتی و خۆشەویستیە بۆ گشت ئایینەکان .

عەبدوڵا ئەحمەد

# سەرۆکی پێشووی یەمەن عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لە ٤ی کانوونی یەکەم لەلایەن حوسییەکانەوە کوژرا

بەرپرسێکی باڵای پارتی کۆنگرەی گشتی گەل کە عەلی عەبدوڵڵا ساڵح سەرکردایەتی دەکرد رایگەیاند لەکاتی چوونی بۆ سەنعان، بە دووری ٤٠ کیلۆمەتر لە سەنعای پایتەختی یەمەن ئۆتۆمبێلەکانی پاسەوانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لەلایەن چەکدارانی حوسی دەوەستێندرێت و ساڵح لەلایەن چەکدارانی حوسی بۆ ناوچەیەکی نادیار دەبردرێت و هەرلەوێ فیشەکباران دەکرێت و دەکوژرێت.

لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی نوێی یەمەن لە ساڵی ٢٠١٤ هاوپەیمانییەکی نوێ لەنێوان چەکدارانی حوسی و لایەنگرانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح دروستبوو و کە بەیەکەوە هێرشی هاوبەشیان بۆ جوومگەکانی حکومەتی یەمەن ئەنجام دەدا . بەڵام لە ئەنجامی ڕێکنکەوتن ، ماوەیەکە گرژی و ناکۆکی لەنێوان لایەنگرانی ساڵح و حوسییەکان ڕوویدا .



تا گەیشتە ئەو رادەیەی حوسییەکان لە ئەنجامی هێرشێکدا چوونە نێوخانووەکەی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح وهەموو چەکاکانیان دەست بەسەراگرت و پاشان بە بۆمبێک ماڵەکەیان تەقاندەوە.

عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٤٢ لەدایکبووە. خێزانەکەی لە عەشیرەتی سەنعانە. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ٢٠١٢ سەرۆکایەتی هەردوو حکومەتەکە جیاکەی یەمەنی کردووە. لە ٢٢ی مایسی ساڵی١٩٩٠، باکوور و باشووری یەمەن یەک دەخاتەوە و دوو ئیدارەیی هەڵدەوەشێنێتەوە.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی یەمەن لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ یەکەمجارعەلی عەبدوڵڵا ساڵح ڕاستەوخۆ وەک یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی یەمەن دەستنیشانکرا.
لەگەڵ دەستپێکردنی رووداوەکانی بەهاری عەرەبی، لە ئەنجامی نارەزایەتی کۆمەڵگای یەمەنی، لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ٢٠١٢ عەلی عەبدوڵڵا ساڵح دەستی لەکارکێشایەوە.
دوای هەڵبژاردنی حکومەتی نوێی یەمەن، عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لە ساڵی ٢٠١٤ بە هەماهەنگی لەگەڵ چەکدارانی حوسی پاڵپشتی ئێران، دژبە حکومەتە نوێیەکەی یەمەن وەستایەوە.
بەڵام بەردەوامی ڕێکنەکەوتنەکان و لێکتێنەگەیشتن بووە هۆی ڕوودانی پێکدادانی بەهێز لە نێوانیاندا.

# وەستایەکی گۆزە: لەهەولێر کەس نەماوە گۆزە دروست بکات

حاجی ئەدهەم عەبدوڵڵا حوسێن وەستای دروستکردنی گۆزە لە هەولێر باس لە نەمانی پیشەی دروستکردنی گۆزە دەکات و دەڵێت لە ئێستادا کەس نەماوە ئەم پیشەیە بکات و زۆربەی گۆزەکان یا لە دوزخورماتوو و بەغداد یانیش لە ئێران و چین هاوردە دەکرێت.

وەستا ئەدهەم باسی چۆنییەتی دەستپێکردنی پیشەی درووستکردنی گۆزە دەکات و دەڵێت "لە ساڵی ١٩٩٨ دەستم بەم پیشەیە کردووە. کاتی خۆی محەمەد ئیسماعیل و حاجی ئیسماعیل ی باوکی و حاجی محەمەد ئەم کارەیان کردووە. منیش دوای حاجی محەمەد بەفرۆشتنی کوپە و گوڵدان و گۆزە دەستم بەم پیشەیە کردووە".



"ئەوانەی بەم پیشەیەوە خەریکن زۆربەیان لەبارەی جۆری گۆزە و چۆنییەتي درووستکردنییان زانیارییان نییە"

لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری تەبا کە ئایا لە ئێستادا کێ ماوە لە هەولێر ئەم کارە بکات؟حاجی ئەدهەم

دەڵێت "تەنها من و حاجی محەمەد لەم پیشەیە بەردهوامین. هەندێک هەن تەنها بۆ قازانج بە پیشەکەوە خەریکن و تەنها لە فرۆشتنی بابەتەکە دەزانن بەڵام دەربارەی چۆنییەتی درووست کردنی و جۆرەکانی خاوەن زانیاری نین "

"خاک و خۆڵی عێراق بۆ درووستکردنی گۆزە لە هی ئێران و تورکیا زۆر باشترە"

حاجی ئەدهەم پێشووتر زانیاری لە وەستاکانی گۆزە لە دوزخورماتوو وەرگرتووە و زیاتر دەڵێت "کاتێک پرسیارم لە بارەی جۆری خۆڵەکە لە وەستاکانی دوزخورماتوو کرد ووتیان کە گۆزە لە جەرگەی خاک درووستدەکەین، هەربۆیەشە ئەمە لەخۆڵ و خاکی ئاسایی جیاوازترە.



بۆ درووستکردنی گۆزە ، خۆڵی عێراق لە هی تورکیا و ئێران باشترە، چونکە خۆڵی عێراق ماددەی شووشە لەخۆدەگرێت".

"ئەو گۆزانەی رەنگ شینن پتەوترن لە رەنگ سوورەکان"

لە درێژەی قسەکانیدا حاجی ئەدهەم حاجی حوسێن ئاماژەی بە رەنگە جیاوازەکانی گۆزەکرد و ووتیشی "ئەوانەی ڕەنگیان شینە پتەوترن لە سوورەکان. ئەمەش بەهۆی پێکهاتەکەیەوەتی، ئەگەری شکانی گۆزە سوورەکان زۆرترە هەرچی رەنگ شینەکانە بەرگرییان زیاترە".

**عەلی سالم**
**فۆتۆ: جۆبان تیمور**


# جامە سەرسوڕهێنەرەکەی فیساگۆری فەیلەسوف

فیساگۆری فەیلەسوف و بیرکاریزان کە لە نێوان ساڵانی ٥٠٠-٥٨٠ی پێش زاین ژیاوە، داهێنانێکی سەرنجراکێشی هەیە.

کوپی داد کە لە ووشە بیانییەکەی (Dikea Kupa)ەوە وەرگیراوە ، بە کۆنی مێژووەکەی ناسراوە کە دوو هەزار وپێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستا لەلایەن فیساگۆری فەیلەسوف و بیرکاریزان داهێنراوە و داهێنانەکە خاسیەتێکی تایبەتی هەیە.

بەشی ناوەوەی جامەکە لە شێوەی زەنگلێکی سەروژێر کراو دەچێ. لە بەشی خوارەوەی کوپەکە، کونێک هەیە بەڵام کاتێک شلەمەنییەک دەخرێتە ناو زەنگەکە بەهیچ شێوەیەک نارژێت و نایەتە خوارەوە.

کوپەکە تا رادەیەک دەتوانرێت شلەمەنی لەخۆ بگرێت، دوای زیادبوونی ئاستی دیاریکراو دیاریکراو، کوپەکە خۆی لەخۆیدا شلەمەنییەکە بەتاڵ دەکاتەوە. بەهۆی ئەم خاسیەتەیەوە ئەم کوپە لەلایەن فیساگۆرەوە بە "جامی داد" ناونراوە. بە مەبەستی گوزارشتکردن لە خراپی چاوبرسێتی خەلک فیساگۆر بەم شێوەیە پێناسەی کورتی جامەکە دەکات:
" هەندێک جار پێویستە مرۆڤ ڕازی ببێت بە بەشەکانی ژیان ، کاتێک ئارەزووی زیاتر بکەیت ئەگەری لەدەستدانی شتی ترت هەیە کە پێت بەخشراوە".






# بۆ جاری یەکەم سەرۆکی فەرەنسا گەیشتە قەتەر

ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا دوای دەستبەکاربوونی لە پۆستی سەرۆکایەتی فەڕەنسا بۆ یەکەم جار سەردانی قەتەر دەکات.

ماکرۆن، لە ٧ی کانوونی یەکەم لە دیوانی میری لە شاری دەوحە لەگەڵ شێخ تەمیم بن حەمەد ئالسانی میری قەتەر کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا بانگەشەی "چارەسەرکردنی قەیرانی کەنداو بە نێوەندگیری کوێت"یان کرد و هەردوو سەرۆک تاوتوێیی ئەنجامەکانی بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ سەبارەت بە قودس کرد.



هاوکات بە ئامادەبوونی بەرپرسانی باڵای هەردوو وڵات وێڕای بەرژەوەندییەکانییان، دوا پێشهاتەکانی فەڵەستین، یەمەن، لیبیا، سووریا و عێراق تاوتوێکران.

ئیمانوێل ماکرۆن، لە ١٤ی مارسی ٢٠١٧ وەکو سەرۆکی فەڕەنسا دەستبەکاربووە و ئەمە یەکەمین سەردانییەتی بۆ قەتەر. دوای راگەیاندنی بڕیارەکەی قودس، ماکرۆن لە زنجیرە سەردانەکەیدا لە جەزائیر دەربارەی بڕیارەکە ووتی "ئەم بڕیارە لەلایەن فەرەنساوە پەسەند نییە و بڕیارێکی دڵگرانکەرە. هەروەها ئەمە دژی یاسای نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە".

# تورکمان مافی ڤیتۆی نیه

عیماد رەفعەت، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی پارێزگا دەڵێت "پێویستە تورکمان مافی ڤیتۆی هەبێت".

سەبارەت بە مافی بە ڤیتۆکردنی بڕیارەکان لەلایەن تورکمان و پێویستی بۆ ئەم بڕیارە، عیماد رەفعەت ئاماژە دەدات بە چۆنییەتی دەرکردنی یاسای ڤیتۆ بۆ پێکهاتەی تورکمان و دەڵێت "پێویستە ئەم بابەتە بە راوێژ لەگەڵ پسپۆرانی یاسایی چارەسەر بکرێت. واتە بۆ بابەتە نەتەوەییەکان و گشت بابەتەکانی تر بە راوێژکردن دەتوانیت مافی ڤیتۆ بە تورکمان بدەیت. بەبۆچوونی من پێویستە تورکمان توانای بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی لە گشت بابەتەکاندا هەبێت. ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ".

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەربارەی کاریگەری مافی ڤیتۆ سەرنجی خستە سەر باسێک کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە کۆمیسیۆنی دەستوور روویداوە و ووتی "کۆمیسیۆنی دەستوور لە ٩ کەس پێکهاتووە ، لە نێوانیاندا تورکمانێک و کریستیانێک هەیە. هەموو بڕیارەکانی کۆمیسیۆن بە رێککەوتن و بە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ دراوە. بە نموونە یەکێک لە ڤیتۆکانی کریستیانەکان بووە هۆی تەگەرە لەخۆوە ببینینی چالاکی کۆمیسیۆن و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە. بابەتە ڤیتۆکەی کریستیانەکان "ئاینی فەرمی دەوڵەت ئیسلامە" بوو توانییان ئەم بڕیارە هەڵوەشێننەوە بە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ".

عیماد رەفعەت گرنگی مافی ڤیتۆ بۆ تەبا شیکردەوە و ووتیش "ئەم مافە دەبێتەهۆی زامنکردنی مافەکانی تورکمان. لەئێستادا وادیارە کە مافەکانمان دراوە ، بەڵام لەڕاستیدا لە نیوەی رێگا بەجێهێلراوین . ئێمە سنوورەکانمان دیارە ، کاتێک سیستەمی کۆتا بە گەلی تورکمان دەبەخشیت، پێویستە بەرپرسیارییەتی هەموو قۆناغەکانی ئەم سیستەمە لەئەستۆ بگریت بگریت. بە نموونە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە ٣٠ ئەندام پێکهاتووە ، سێ ئەندامی هی تورکمانە ، هیچ شتێکمان بە دەستەوە نیە لە ئەنجوومەنەکە بەهەمان شێوە چونکە ئەوان زۆرینەن. بڕیارەکان بە ئەنجوومەنی پارێزگا تێدەپەڕێت. ئەمە بۆچوونێکی دیموکراسییانە نییە".

دەربارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەنێو پەرلەمانتارانی تورکمان ، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕوونیکردەوە "مافی ڤیتۆ لەنێوان پەرلەمانتارانی تورکمان و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا لەسەر رێژەی زۆرینە بەکاردێت. ئەگەر٣ لەو ٥ پەرلەمانتارە ڤیتۆ بەکاربێنن، ئەو کات لە پەرلەمان بڕیارەکە دەرناکرێت".



عیماد رەفعەت کە هاوکات سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤە لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئاماژەشی بەوە کرد بۆ دەرکردنی یاسای ڤیتۆ پێویستە پێنجەمین ماددەی یاسای پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان کە لە ساڵی ٢٠١٥ دەرکراوە، هەمواربکرێتەوە.

**زیا عوزێری**

**فۆتۆ: عەبدوڵا ئەحمەد**

## ئەو کەسایەتیانەی لەسەر قودس دووان و ووتەکانیان ؟



سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجب تەیب ئەردۆغان

**قودس هێڵی سووری موسوڵمانانە**



سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەرعەبادی

**هیچ کەسێک ماف و توانای دزینی قودسی نییە**



سەرۆک کۆماری ئێران حەسەن ڕۆحانی

**دڵنیام موسڵمانانی جیهان رێگە نادەن ئەو پلانە بێ مانایە بەرهەمی هەبێ**



سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس ئیسماعیل هەنییە

**ئەمریکا دەرگای دۆزەی کردەوە**



سەرۆکی ڕێکخراوی دژ بە جووگەری هاهام دۆڤید فێڵدمان

**پشگیری لە ئیسرائیل پشگیریکردن لە جوولەکە نیە**



ئەحمەد ئەلطەیب شێخی ئەزهەر

**چۆن چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانێک دەکەین، کە شتێک هی خۆیان نەبێ و بیدەن بە کەسێک کە شایستەی نییە**



سەرۆکی کۆریای باکوور کیم یۆنگ ئون

**دەوڵەتێک نیە بە ناوی ئیسرائیل تاکو پایتەختی هەبێت**



سەرۆک کۆماری فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن

**بڕیارەکەی ئەمریکا دەربارەی قودس شایەنی قبوڵ کردن نیە و ئیدانەی دەکەین چونکە دژ بە مافە نێودەوڵەتییەکانە**

خاوەنی ئیمتیاز: تەبا
سەرنووسەر: محەمەد فەرید ئەربیل ئوغلۆ
ئەدیتۆر: داستان عەبدوڵا ئەحمەد
دیزاین: چۆبان تیمور

www.tbajansi.com
facebook.com/tbajansi
twitter/@tbaajansi
instagram.com/tbajansi
plus.google.com/tbajansi
youtube.com/tbajansi

Email: gazete@tbajansi.com
بۆ پەیوەندی: ٠٧٥٠ ٢٦١ ١٠ ١١
٠٧٥٠ ٣٤٣ ١٠ ١١
بۆ رێکلام کردن: ٠٧٥٠ ٩٣٤ ٦٣ ٣٣
٠٧٥٠ ٩٣٤ ٧٣ ٣٣
ناونیشان: شەقامی ٣٠م/ بەرامبەر هوتێلی نێودەوڵەتی هەولێر

تێبینی:
بابەتە جیاجیاکانی بەشی بیرورای هەفتەنامەی تەبا، بیرکردنەوە و رای نووسەر بەرجەستە دەکات. لەم بارەیەوە گشت مافی بابەتەکانی بیرورا بۆ نووسەرەکە دەگەڕێتەوە.